دیوانی وەقفی سوننی: لە ڕێگەی بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە هانی خەڵك بدەن بچنە هەڵبژاردن

دیوانی وەقفی سوننی لە شاری سامەڕا داوای لە سەرجەم ئیمام و بانگخوازان کرد ڕۆژی دووشەممە لە ڕێگەی بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە هانی خەڵك بدەن بچنە سەر سندووقەکان و بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بکەن.

دیوانی وەقفی سوننی لە سامەڕا ڕۆژی یەکشەممە لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایگەیاند "پێویستە لەسەر سەرجەم ئیمام و بانگخوازان هانی خەڵك بدەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق.

ڕاشیگەیاند: پێویستە ئیمام و بانگخوازان ئەمڕۆ دووشەممە هەر لە کاتژمێر 7ی سەرلەبەیانییەوە تاکو 5ی ئێوارە لە ڕێگەی بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە هانی خەڵك بدەن بچنە سەر سندووقەکان و بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق.